# روانگەی ئازاد




چریکەی ئازادیخوازانی کوردە

( ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد )

(( ڕوانگەی ئازاد ))

## تکایە ئاگاداربن

خوێنەرانی خۆشەویست :

هەر نووسینێك و ڕایەك لەسەر لاپەڕەکانی ( ڕوانگەی ئازاد ) دەخوێننەوە ، تەعبیر لە ڕای نووسەرەکەی دەکات و ئۆباڵەکەشی لە ئەستۆی خۆیدایە ... ئێمە هەر هێندە لە سەرمانە کە دەروازە لە سەر هیچ میوانێك دانەخەین ، جا خانەی فیکری هەرچی دەبێ با ببێت ... دەمانەوێت لەم بستە ڕزگار کراوەی کوردستاندا ، خۆری ئازادی نی بە شەوەزەنگی کەلەگایەتی و دیکتاتۆریێتی فیکری بدات .

_ دەستەی نووسەران _

# پێشەکییەکی پێویست !!

خوێنەرانی بەڕێز :

کە دەستنووسی ژمارە دووی گۆڤارە سەرکەشەکەی ( ڕوانگەی ئازاد ) گەیشتە دەستمان و لە ئەوروپا چاپ و بلاومان کردەوە ، بە نەوازشەوە ئەم ئاگادارییەی تێدا بلاوکرابۆوە :

(( خوێنەرانی خۆشەویست :

هەر نووسینێك و ڕایەك لەسەر لاپەڕەکانی ( ڕوانگەی ئازاد ) دەخوێننەوە تەعبیر لە ڕای نووسەرەکەی دەکات و ئۆبالەکەشی لە ئەستۆی خۆیدایە .... ئێمە هەر هێندە لەسەرمانە کە دەروازە لەسەر هیچ میوانێك دانەخەین ، جا خانەی فیکری هەرچی دەبێ با ببێ .... دەمانەوێت لەم بستە ڕزگارکراوەی کوردستاندا خۆری ئازادی دژ بە شەوەزەنگی کەلەگایەتی و دیکتاتۆریێتی فیکری بدات . )) .

ئەمە جگە لەو بانگەوازەی لە دوا پەڕەی بەرگەکەیدا بلاو کرابۆوە و ئەمجارەش بلاوی دەکەینەوە .

لە گەڵ خوێنەری بەڕێزەوە ئافەرین و دەستخۆشانە پێمان گەیشت ، بێ گومان پتر بۆ ئەو مەبەست و بیر و جۆش و خرۆشە پاکەی گۆڤارەکەی لە پێناودا دەردەکرێت ، وەکوو مینبەرێکی ئازاد و سەربەخۆ و تەجرەبەیەکی نوێی دیموکراسیانە لە کوردستانی ئازاد کراودا .

بەلاّم ناوبەناو هێلّنجی زەرد و پڕ لە پەشم و قین و داخ لە دلّی هێندێ زرکە ماموّستایٖ دوّلار خوّری جێگری بەر سێبەری شەوانی سووری ئەورووپاش وەبەر بای گوێمان دەکەوت ، ئەوانەی لەبەر بوودەلّەیی خوّیان و پەستیی هەست و دەروونی ڕەشیان چاو یان بە کاری چاکەی کەسدا هەلّنایەت ، ئەوانەی ئەوا چەند سالّێکە لە نسای خوێنی کورد دا ژیانی حاتەمی بەسەردەبەن و خەونیش بە تاجی کەیهانیی کوردەوە دەبینن و خوّیان بە سەرکردە و ڕابەر دەزانن و هەموو تێکوّشان و خەباتێکیان هاتوّتە سەر توّمەتی نا ڕەوابەخشینەوە و ئاژاوەیەکیان بەرپاکردووە کە دوژمنە ڕاستەقینەکە هەر لە یاد کراوە ، ئەو هەرایەش بوّ ئەوە بەرپا دەکەن تا خوّیان لە ئاوی لێلّدا ماسی بگرن و کەس نەیپەرژێتە سەر ئەوەی بیرێك لە ژیانی پڕ لە ناز و نیعمەتی جەنابیان بکاتەوە •

تەنها بە خوّیانەوە نەوەستاون ، بەلّکە دەروێشی بێ هوّشی مێشك بوّشی کوّلّەوار و نەخوێندەواریشیان لێ ڕاستکردوینەتەوە و کەرەنای پێ دەژەنن • لە سەرتاپای ئەو لێکوّلّینەوەیەدا کە ( هێرش ) ناوێك لە ژێر سەردێڕی ( لاکردنەوەیەکی کوردانە بەلای شوّڕشی ئەیلوول دا ) بلاّوی کردوّتەوە و وەکی گوتمان خوّی لێپرسراوە بەرامبەر ڕای خوّی ، تەنها خالّێکیان بە خەوش بوّ دوّزراوەتەوە ئەویش گوایە ئێمەی ( پاسوّك ) نەك خاوەن ووتار ( نەبەز مان هێناوەتە ڕیزی خاوەن بیر و فەیلەسووفەکان )• جارێ کوّلکە خوێندەواریش بایی هێندە هوّشی هەیە کە تێبگات ( نەبەز ) لەوێدا تەنها ڕەمز و هێمایەکە و بەس بوّ هەلّگرانی

بیری نەتەوایەتی لەو سەردەمەی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول دا • تەقدیس کردنی تاك و قەبە کردنی و دەهۆڵ کوتانی بەلاش کاری ئێمە نیە و لامان کفرە ، تەجەدایان دەکەین پیتێك لە چاپکراوەکانی ئێمەدا وەدۆزن کە بە کەسێکدا هەڵگووترابێت ئەگەر هەموو ژیانیشی لە پێناوی ئەو بیروباوەڕە دا بە خەرج دابێت ( جگە لە شەهیدە سەروەرەکانمان ) •••• دە هەمان کات هەر ئەو فەریکە مامۆستایانە خۆیان زوڕنای ناساز بۆ کوڵە کوێخاکەیان دەژەنن و هەتا نامەی تایبەتی و دڵداریشی کۆپی و بڵاودەکەنەوە ، تا ناوی بێتە نێو ناوان و بیهێننە ڕیزی پیاوان ، وەکوو گەلێك جار لێمان دیتوون و پێشانیش لەگەڵ کۆنە کوێخاکەیان هەمان ڕەفتاریان دەکرد !! •

ئێمە ئەو دەروون نەخۆشانە بە هۆش دێنینەوە ، هەرچەندە لامان ڕوونە زۆر لەوە نەزانترن کە دەستیان قەڵەم بگرێت و بتوانن چوار ووشەی بەجێ بخەنە سەر کاغەز ، بەڵام گەر تۆزێك فەڕی کوردانەیان تێدایە ئەوە لاپەڕە ڕەنگینەکانی ( ڕوانگەی ئازاد ) و ئەوەش ( بیری سەنگینی ئەوان ) با بفەرموون چیان لەبەرمان هەیە بینووسن و خۆمان بۆیان بڵاودەکەینەوە ، با بفەرموون ( ئەو فەلسەفەیەی لە وورگیاندایە ) بیخەنە ڕوو ئیتر چیدی لە پاش ملە نەگەڤن و قاپی خەڵکی نەگرن ، بەڵام هەیهات کورد واتەنی (( تۆز لە قوڕاو هەڵناستێ !! )) •

تەنها چاوخشاندن بەم ژمارەیەدا ڕاستی و دروستی بیر و مەبەستی ئێمە نیشان دەدا و قوڕ دەدا بە دەمی ئەو دەم هەراشا

نەدا ، ئەوەتا لەم ژمارەیەدا چەند ووتارێکی رەخنەیی لەسەر ووتاری نێوبراو جگە لە ووتارێکی رەنگین لەسەر مەسەلەی ( مارکسیزم لە عێراقدا ) بلاو دەکەینەوە •

تەنها مەسەلەی ئدم ئازایەتی فیکریەی ئێمە دلنیایی و راپەرموونە بە بیروباوەڕەکەماندا و ( ئەوەش حسابی پاکە لە پلار و تۆمەت بێ باکە ) • بەو دەنگە ناسازانەش کاروان لە ڕەوتی خۆی ناکەوێ •

---

ڕێکخراوی
خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد
لە ئەورووپا
( سۆکسە )

---

## ڕاستی له سه‌روو هه‌موو شتێکه‌وه‌یه

له ژماره دووی گۆڤاری (( ڕوانگه‌ی ئازاد )) ی سه‌رکه‌شدا. باسێك له ژێر ناوی ( لاکردنه‌وه‌یه‌کی کوردانه به‌لای شۆڕشی ئه‌یلولدا ) ، وه‌کوو پارێزه‌رێك به‌رگری له تاوانبارێکی حوکم دراو به مردندا بکات ، ووتارێکی - به‌ڕاستی کوردانه !! - بلاو کراوه‌ته‌وه که ده‌یه‌وێ شۆڕشی ئه‌یلول له هه‌موو ناته‌واوی و که‌م و کورییه‌ك پاك کاته‌وه و وه‌کوو مه‌لۆتکه‌یه‌کی ساوای سه‌ربڕاو ی بێ گوناه نیشانمان دات ....

ئه‌م کاره ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر باسێکی دیکه بنووسرایه و به‌وجۆره‌ی هه‌یه نه‌شێوێندرایه ، جێی ئه‌وه بوو که به توندی ڕه‌خنه له ( خۆش بینانه‌ی ساویلکانه ) ، یان ( پینه دۆزیی ) . نووسه‌ر بکرایه .... به‌لام خوا و ڕاسان ئه‌و بێ ویژدانانه‌ی به‌ر له خۆی بۆی بوونه‌ته سوپه‌ر و له‌م جۆره تۆمه‌ت و ڕه‌خنانه ده‌یپارێزن .. به کورتی ئه‌گه‌ر ئه‌و شێواندن و ئالۆزی و ناعیلمییه‌ت و داخ له دلی یه‌ی به‌رانبه‌ر شۆڕشی ئه‌یلول نوێندراوه ، ته‌نها له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندی ته‌سکی شه‌خصی یان له چاترین حاله‌تدا ده‌ستکه‌وتی ته‌سکی حیزبایه‌تی و خۆ پاکردنه‌وه نه بووایه ... ئه‌و پێدا هه‌لگووتن و ڕوو سپی کردنه‌وه‌یه‌ش ده‌ردی ده‌لێین : " قابلی قبول نه‌بوو " به‌لام هه‌مدیسان حوکمی ساویلکانه‌ی خۆش بینانه له‌هه‌موو ڕوویه‌که‌وه چاتر و مرۆڤانه‌تر و خێرمه‌ندتر و خزمه‌تگوزارانه‌تره ، له هه‌نجن هه‌نجن کردن و شالاوی ناڕه‌وا و دوژمنکارانه ... هه‌رله

عالەمی یاسا و دادگەشدا هەیشە " گومان بە مەسلەحەتی. تاوانبار حسیب دەکریت" ....

تەنها لە رووی بیرکردنەوە و بیرخستنەوە وە دەمەوێ ( عبد الوهاب ئەتروشی و هەڤاڵ جوجەڵە و حبیب محمد کریم و حەسۆ میرخان ) وەکوو چەند سەرێکی بۆگەن و خۆفرۆش و کورد فرۆش و هەرچی پێیان بووتری هێشتا هەر کەمە ،بکوژ و ببڕ و سەری ئەو شۆرشە بوون ... دەبێ ( بارزانی ) ئاگاداری کازوکردەوەی ـ ئەمانە نەبوو بێت ، ئەوەی کە پارتەکان دیعایەیان بۆ دەکرد کە چاوی غەیبیی هەیە و سەری هار و ماری لایە !! کە دەیزانی ئەو بێ دەنگی و هەتا هاندانەش بوو ؟!. ، بۆیە دەڵێم هاندان و پشتگیری چونکە هەر یەك لەمانە و سەدانی وەکوو ئەمانە تا خراپتر دەبوون پتر هەڵدەکشان و دەچوونە پێشێ .

عبدالوهاب لەبەردەمی سەرلقیەکەیەوە شتی وای لێ ئاشکرا بوو کە پێنووسی بە حورمەتخۆی لەوە دەپارێزێ بە نووکیدا بێت .

هەڤاڵ جوجەڵە پیاوی یەکەم و دوایی پارتی و پاراستن ....

بە ئاشکرا و لەبەر لووتی شۆرشدا ژنی مێرداری زەوت دەکرد!!

حبیب محمد کریم ، ئەوەندە بەسە ئیمرۆ یەکێکە لە " پسپۆرانی مخابراتی بەعس !! .... " .

حەسۆمیرخان ... شانەی خوری مەرەکانی خۆی و ماڵی ( .... ) بە جووتیارانی رەش و رووتی پشدەر دەکرد ... ئەو ( حەسۆ ) یە بوو کە بە ناوەکەی منداڵیان ژیر دەکرد ....

فارس باوە ، شێرە فشەکەی دەشتی هەولێر ، لە ١٩٧٤ دا

کە هێزەکەیان لە دەشتی هەولێردا تەفر و توونا کرد ، خۆی لە (( دەروازەی قەزوین )) بوو !!

مشتێ نموونەی خەرواریکە و نامەوێ ناوی تاکە تاکە بێنم ، ئەگینا کێ هەیە پاشەڵی " بێ پیسیەتی " دەرچێت !

ئەمە مانای ئەوە نیە شۆڕشی کورد ڕەوا نەبوو بێت ، یان قوربانی و گیانبازی بێ سنووری تێدا نەدرابێت ، یان چڵە پۆپەی ویست و خۆڕاگرتنی کورد نەبووبێت ...

ئەمانە پێشمەرگەی ڕەش و ڕووت و گیانی ( کوردایەتی ) پیرۆزو جووتیاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیران و هەموو دڵسۆزانی دروستکەری و خاوەنی بوون ...

ئاسمان دەمێك بوو ڕما بوو بەڵام شانی ئەمانە گرتبوویان •

لە مەسەلەی مێژوویدا نە درۆ و دەلەسە و بوختان ڕاستە و نە ( پینەچیێتی ) و ڕوو سپی کردنەوە ... دەبێ پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن بێت ... دەبێ دوور لە سۆز و هەڵچوون و بەرژەوەندی تەسکەوە و لە هەموو ڕوو و لایەنێکەوە ئەم باسە مێژوویانە بخرێنە ژێر لێکۆلینەوە و توێژینەوەی زانستیانە .... تا :

١ـ لە داهاتوودا خۆمان لەو کەم و کوڕی و ناتەواویانە بپارێزین و بە هەڵەی پێش خۆماندا نەچینەوە و "هەر عەقڵە لە خەسارێك" مان لێ چنگ بکەوێ ... هەموو سەرکەوتنەکانی مرۆڤایەتیش لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە لەم خۆپاراستن لە هەڵە و ناتەواوی و قۆرتانەی پێش خۆ بووە ، کەلەپووری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیش کۆی ئەو تاقیکردنەوانەن ...

٢ـ تا لایەنە گەش و خێرمەند و چاکەکانی " توظیف " کرێن و بخرێنەگەڕ و بۆ خزمەتی داهاتوو بەکار بێت ••• گەشە و نەش و نما بدرێت بەو لایەنە سەرکەوتوو و گەشانە و دەوڵەمەند کرێن و شتی نوێی بخرێتەسەر ••• نەك زیندەبەچاڵ کرێن و بشێوێند رێن ••• چونکە ئەو لایەنە ڕۆشن و چاکانە تاکە سەرمایەی - ژیانی مرۆڤایەتییە و ژیانی کۆمەڵایەتیش دوومەڵان نییە هەڵبتۆقێ زنجیرەیەکی بەردەوامی لایەنی ئیجابی چالاکی مرۆڤە ••••

هیوادارم ئەو " کوردە " جارێکی دی بەسەر نووسینەکەیدا بچێتەوە ، چونکە لە زۆر بوار دا قوڵایی و زانستێتی تێدا دەبینرێ و ئەگەر واز لە گرژبوون و ( ردّالفعل ) ی بەرانبەرە بە هەڵەدا چووە و خۆ بە هەڵەدا بەرەکەی بهێنێ ، دڵنیام دەتوانێ نیگارێکی ڕاست و دروستی سەرەتا و پێشەکی و سەرئەنجامەکانی شۆڕشی ئەیلوول بکێشێ •••

بەو هیوایەی ئەو پێنووسە پاکەی باسی دەکات ، پێنووسەکەی خۆی بێت ، پێنووسیش بێت نەك " عەبا ." ی داپۆشینی خەوش ونا تەواویی •

سەرکەوتنیش هەر بۆ ڕاستی و کوردە

ـ ئاراس ـ

## (( بادانەوەیەك بۆ سەر نێرکی شۆڕشی ئەیلوول ))

::::::::::::::::::::::::::::::::::::::::::::

لەسەر لاپەڕە زێڕینەکانی ژمارە دووی گۆڤاری ( ڕوانگەی ئازاد ) دا ، بۆ یەکەم جار ئازایانە و مەوزوعیانە و کوردانەش پاشخان و زەمینە و هەندێ لایەنی گەشی شۆڕشی ئەیلوول لە ژێر ناوی ( لاکردنەوەیەکی کوردانە بە لای شۆڕشی ئەیلوول ) دا بلاوکرایەوە ، کە هەر دەڵێی نووسەرەکەی قۆنتەراتی شتنەوەی ناڕەوایی خەڵکی داخ لە دڵ و قەرزدانەوەی هەڵسەنگاندنی چەوتی نازانستانەی بەر لە خۆی لە ئەستۆ گرتووە • وەکوو یەکێ کەو تبێتە نێو گەلە گورگێکەوە و بڕیاری نەبەزینی دابێ ، بەدەست و قاچ و پەل و داس و تەوراسی بە هەر چوار دەوری خۆیدا پەلامار بدات و چاوی لەوەش نەبێ شەوی بەسەردا دێت !! یان ئەو هەموو گورگانەی بۆ ناڕەتێنرێ ! ••• بەلام لەگەڵ هەموو لایەنی ڕاستی و خزمەتگوزارانە و زانستیانەی دڵسۆزەوە ، خاڵێکی هەرەگرنگ لە بیر براوەتەوە ، ئەویش دەوری ڕابەر و سەرکردەی شۆڕشەکە یە !! کە بێ ڕوون کردنەوەی ئەو لایانە وەکوو ئەوە وایەبووترێ مرۆڤ ( سێ کیلۆ ئاو و نیو کیلۆ خەڵووز و هۆقەیە خوێ و ئیزروم گەچ و ئەلیرەم فسفۆرە ) ، و گیان و زیندوویەتی و هۆش وخواست و سەرپاکی خەسڵەتکانی دیکەی زیندەوەرایەتی و مروڤایەتی تێنەخوێندرێتەوە ، کە ئەمانەی دوایی ئەوانەی پێشووش بایەخدار دەکەن و ( اعتبار ) ی دەدەنێ ! •••

ـ دەوری بارزانی چی بوو لە زەمینە خۆش کردن و هەڵگیرسان و جۆشدان و کڵپەپێسەندن و بەردەوامی و تا نووچدانی شۆڕشەکە، بارزانی نەبووایە کەسێکی دیکە لە شوێنیدا بووایە چۆن دەبوو یان ئایا ڕێگای ئەوە هەبوو (بارزانی) یەکی دیکە لەو زەمینەیەدا شین بێتەوە یان نە؟.

ئایا (بارزانی) وەکوو مامۆستا هەژاری " بارزانی پەرست " دەڵێ :

کوردایەتی و ئازایەتی × مەردایەتی و لە کارزانی
گەر وەك مەمانان مرۆبا × سوژدەی دەبرد بۆ بارزانی

وابووە؟ ! یان وەکوو ( بارزانی نەویستەکان ) لەدوپەری ـ هێمنییاندا دەڵێن :

( ناچارن لەباتی سیاسەت و لێکدانەوەی زانستیانە کە لە هەناوی کۆمەڵگا و واقعی سیاسی گەلەکەمانەوە هەڵیان هێنجابێ ، بای کۆن بەبا بکەن و درۆ و دەلەسە بڵاوبکەنەوە و جنێویان پێ بدەن ، کە مەرحوم ( بارزانی ) لە شەو چرای کۆڕی شەوانی دیوەخانی خۆیدا ،مێشکی پیاوەکانی خۆیی پێ زاخاو دەداو چونکە یەزدان لە گوناه و خیانەتەکانی خۆش بێ چاری نەبوو ، لەو بابەتە قسانە زیاتر ، وەکوو سەرکردە و ڕابەرانی گەلانی دیکە سیاسەت زانێکی کارامەی ئەوتۆ نەبوو ، کە بتوانێت باسی سیاسەت و شۆڕش و تیئۆری زانستی و شۆڕشی گەلان بکات نەدەکرا سەرکردەی شۆڕشیش بێت و کش و مات دانیشێت و قسە

نەکات ، بۆیە کە قسەی دەکرد لەو بابەتە قسانەی هەڵدەرشت )• لە کاتی دەماریشدا دەڵێن : ( دوای ئەوەی مەلا مستەفا " ئاش بەتاڵی"بە شۆڕش کرد و ، چوو لە سێبەری ساواك و شای باوکیدا پاڵی دایەوە ... ) •

- یان ئەمەیان بووە ؟ !!

- بە واتایەکی دی : ئایا سۆپەرمان و مەلائیکەت بووە یان بەکرێگیراوێکی ئەهریمەن ؟؟!

- ئەمەریکا دەستی بە زاخدا کرد ، یان ئەم ویستی کڵاو بکاتە سەریان ، بەڵام سەری ئەمەریکا لە تەونی کورد گەورەتر بوو !

- پیاوی شا بوو ، یان ویستی پوازێ لە قڵیشی داگیرکەرانی کورد بدات ،کە گەیشتە سەر ئێسکیان بە ئاگا هاتنەوە و قوتیان دا ؟؟.

- دەوری ڕووسەکان چ بوو • ئەگەر لە ۱۹۷۲ ود ، بەعسیان لە باوەش نەگرتایە ، بارزانی بە ناچاری دەخلیسکایە ئامێزی ئەمەریکایەکانەوە •• کێ تاوانبارە ... مەلا مستەفای خنکاو لە دەریای پیلان و ڕەگەزپەرستایەتی بەعسدا ، یان سۆڤیەتی مەلەوان کە لەبەر شڕە و پڕە و میراتەکەی ، ئاوەکەشیان لێ لێڵ کرد ؟ •

- ئایا بارزانی بلیمەتێکی هەڵکەوتووی سیاسی و شارەزایەکی گەورەی کۆمەڵگای کوردەواری و شۆڕشگێڕێکی نەبەز و سەردارێکی بەتوانا بوو ... یان کۆلکە مەلایەکی خێڵەکی و بێ ئاگایەکی حۆل و چەتەیەکی ڕێگر و سەرۆك خێڵێکی دواکەوتوو بوو ؟! ...

ـ ئایا بارزانی لە ناچاری و لە بێ پیاوی زینی لە تانجیان کرد بوو و چاوی لە کرداریان دەپۆشی ، یان خەتی چەوت لە ژێر سەری گای پیردایە !..

سەد و یەك پرسیاری وا دەکرێن و دەیان ڕوون کردنەوەشی پێویستە ... یان چاتر بلێین دەنگی ئەو زورنایانە ڕاستن ، یان قرمەی ئەو دەهۆلانە ؟ ...

من وەکوو تاکێکی کورد ، کە ( بارزانی ) ویست نەبووم و ـ ئێستاش گۆڕ هەلکەنە نیم بە گۆشتی مردوان بژیم ! ئەم مەسەلەیە لە سووچێکی دیکەوە دەبینم مجاری وا هەیە خەریکە لەگەل ماموستا هەژار و قوتابیانی قوتابخانەی بارزانی جووت بمەوە جاروباریش تسە هێمن و بە حورمەتەکانی ناحەزانی خەریکن گومانم لا دروست دەکەن ، بەلام هەردەم پێم وایە :

بارزانی مرۆڤ بووە ، مێسك و گۆشت و هەست و خواستی بووە وەك هەموو یەکێ مچاکی کردوە و لەتریشی داوە ...

پێغەمبەران لەتر دەدەن و دەستی خوایان پێوە نەبێ لەخەت دەر دەچن ، ئەی مرۆڤێکی ئاسایی یان هەتا هەلکەوتووش چۆن نا ؟ نەشبیستراوە و نەدیتراویشە کەسێك سەرپاکی کار و کردەوە و ژیانی چاکە بوو بێت ، کەسیش نەبووە جێی شەیتانی گرتبێتەوە ، نیسبەتی چاکە و خراپە و دالەنگاندنی تای باشە و خراپە حوکمی ئەوە دەدات فلان چاك بووە و فیسار خراپ ... ژیان هەمووی نوێژ نییە نوێژکەرەکە بە ( هەوا ) یەك بێتەوە سەر سفر و لە نووکەوە دەست پێ بکاتەوە ، هەتا لەم بارەیەشەوە ئەگەر خۆی ←

( تقليدی ) ئيمامی حەنەفی بكات دەست نوێژەكەی ناشكێ !!!
لە سەرێكی دیكەوە خەڵكی عەبا و لیفەی دنیا دەدەن بە سەر
خەوشی ڕابەرانیاندا ، ئێمە بێین و شیاكەی تێ هەڵسووین ...
دەستی خۆشمانیش پیس دەبێت !
من لەگەڵ ئەوەدا نیم شەش لە جەماوەر بكەینە بێش ، لەگەڵ
ئەوەشدا نیم سپڵە و هەل پەرست بین و بناغەی خۆمان لەسەر
كەلاوەی تەلاری یەكێكی دیكە هەڵچنین ... دیسانەوە دژی ئەوەم
خۆمان بكەینە بۆ رە سوار و ئەوەی كۆڵمان پێوە هەڵگرێ لە نیوە
ڕێدا وێڵی كەین دەردی دەڵێن ... ئەوەی خۆی بۆ بۆرە سوار بە
كوشت بدات دەڵێن بە دەردی خوا مرد . بكەین ! ...
بارزانی خاوەنی نیوسەدە خەبات و تێكۆشان بووە ... پەنجا
ساڵ لەبار و هەل و مەرجێكی زۆر سەخت و دژوار ،بەرانبەر مەرگ
گیانبازی كردووە ، دەچێتە عەقڵەوە كرداری زۆر دزێویشی لە
دەست نەقەومابێت ؟ ... بچووكترین نموونە :
( بارزان ) چێتیەكەی هەق بووە یان خەوش بۆ ڕابەرێكی وەكوو ئەو ؟
بۆچی كردویەتی :
لەبەر ئەوەی ووتبێتی داربن ، بەردبن ووتوویانە ، باشە ،
ووتبێتی هاربن ، ماربن ، ووتوویانە ، بەچاوان ...
لەبەر ئەوە بووە هەستی بەوە كردوە پەنجاساڵ ئەم خێڵە لەم
كوونەوە هەڵدەفڕێنی بۆ ئەو كوونە ، نە ماڵ نە سامان . نە
خێزان ، نە هیچیان ویستوە و گوێ داوەتی لەبەر ئەم ! .
لەبەر ئەوە بووە لە نیو سەدەدا تاكە یەك ناپاكیان لەگەڵدا

نەكردوە ! ... ئێدی پشت بەمان نەبەستێ و ڕەنج بۆ ئەمان " پێش هەموو كەس " بۆكێی بدات ؟ .
یان هەر سەرۆك خێڵەكە بووە و با بەڕواڵەتیش و لە واقیعیشدا بوو بێتە ڕابەری میللەتێك ، بەلام ئەو هەر لە پێستەكەی جارا نیدا بووە ... و ( بەڵمە برنجەكەی شارەزوور ) بووە ؟ .
لە یادیشمان نەچێت بارزانی لە تەمەنی شەستساڵیدا دەستی دایە شۆڕش و لە هەفتاوپێنج ساڵیدا ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی دەكرد ...
بارزانی تا دوا ڕۆژەكانی هەفتاش ، لە شوێن پایە و لە چاو شۆڕشانی دیدا ، لات و هەژار و برسی بوو ... بەلام لە هەفتاو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ( قاروون ) ی دەچوو ...
من دەپرسم : ( بارزانی ) بێ هەرەس ( ئەسكەندەر ) و ( هۆشی مینە ) و ( واشنگتۆن ) و ( لینین ) ی بە شاگرد ڕادەگرت !
بە ( هەرەس ) یشەوە ئەوەتا دەبینین وەك شێری پیر بۆتە گاڵتەچی منداڵە ورتكە ! .
ئایا هەرەس سەرئەنجامی ( حەتمی ) و ( مەنطقیی ) ڕەوتی شۆڕش و هەڵكەوتی بارزانی بووە ؟ هەرگیز نە ! .
گەورەترین گرێكوێرەی ئەم باسە و هەرچی بە دەوری مێژووی پەنجا ساڵەی دوایی و داهاتووی كوردیشەوەیە ، ئەوەیە ( بارزانی بۆ هەرەسی بە شۆڕش هێنا ؟ ) .
١ـ بەكرێگیراو بوو ... نە .
٢ـ ترسنۆك بوو ... نە .

٣ـ بەزی ؟ ••• نە، ••• ئا ••• بۆ ؟ !
٤ـ پیاوی تەنگانە نەبوو ؟ ••• ئەی هەموو ژیانی هەر تەنگەبەری نەبوو ؟ !
٥ـ ڕابەرایەتی شۆڕشێکی گەورە و عەصری بۆ نەدەکرا ؟ ••• ئەی بۆ چواردە ساڵ کردی ؟•

هەرچی دەڵێی ، بەگژ ( مەنطق ) و ( ڕاستی ) یدا دەچێتەوە •• هەرچەندەیش لەو ( هەرەسە ) کتوپڕ ییە ڕادەمێنی ، دیسانەوە ( مەنطق ) لاڵ دەبێت ! •

من تەنها دوو سەرەداوی مەسەلەکەم بەدەستەوەیە ، ئەگەر ئەو دوو سەرەداوەش شەبەنگ نەبن ! •

١ـ پیریەتی بارزانی ••• وەك ئاشکرایە هەموو ڕووداو و کارەساتێکی گەورە و بەرچاوی مێژووی هەبووە ، هەر هەمووی زادەی پەلامارێکی شێتانە و ( مغامرە ) و خۆفڕێدانە نێو گێژاوەوە بووە• بە کوردیەکەی ( سەرکێشی ) لەکاتە هەرە ناسك و پێچەکانی مێژوودا. مێژوو و سەرکەوتن و ( موعجیزەی ) ڕسکاندوە •••

هەر ژیانی بارزانی خۆی پڕن لە بڕیاری سەرکێشانە ! •••و هەر ئەمەش کردبوویە پاڵەوانی داستانێکی ئەفسانەیی •
بەس کاشکی هەمووی کۆبکردایەتەوە و تەنها لە ئازاری ١٩٧٥ دا بەکاری بێنایە ••• دیارە ئەو جۆرە بڕیارانە خوێنی گەرم و خورت و گەنجانەی گەرەکە ، •
بارزانیش پشتی هەفتا و پێنج ساڵەی لە ژێر باری شۆڕشدا شەکەت بوو بوو ، بۆیە نەیتوانی ڕاست بێتەوە و ئاسۆ بدینێ •••••

ئەوە بوو پەلی داچوو •
٢ـ قەبەیی و بە دەستی و دەوڵەمەندیەکەی ، هەرچەند رەك تەماع خۆی تەماعی لە ماڵی دنیادا نەبوو ، ئەگینا دەمێك بوو دەیتوانی لەو تەماعەدا خۆی بخنکێنێ ... بەلاّم ئەمە دەستووری ژیانە پیاوی برسی بەگژ کێودا دەچێ و دایدەڕنێ ... بەلاّم ئەوەی گورچکی پڕ بوو ئەو هەڵپەیەی پێ ناکرێت •
زۆرم ووتو و هیچم نەدا بەدەستەوە ! • با هەمووان چاوەڕوانی خامەیەکی پاك و بێ مەبەستو بە جورئەتو ڕاست بێژبین • یان مێژوو و ڕۆژگارانی داهاتووی خۆی پەردە لە ڕووی ئەو نهێنییانە هەڵداتەوە و کلیلی ئەو دەرگا داخراوەتان بداتە دەست •
دوا شتئەوەیە ، ئەگەر بارزانی ئەوە بێتکە ناحەزانی دەیلێن ئەوە شەهادەی چاکە و پاکە و ڕاستی ئەوان نیە ! ... خۆ ئەگەر وەکوو ئەوەش بێتکە ( بارزانی پەرست ) ان دەیلێن ، دیسانەوە بەڵگەی ئەوە نیە بەرۆگران و ناو هەڵگرانی ئەو وابن و یان ڕاستبن ...
با ڕاستی و چۆنێتی ( بارزانی ) تێکەڵاوی ئەو دوو شتانە نەکرێت ، چونکە ماکی هەموو دەردەکانی ئیمرۆمانن •

ـ هەڵۆ ـ

# ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن

یەکێتی ڕیزەکانی مارکسیە لینینیەکانی عێراق
دەسەبەرەی ڕزگاری گەلی عێراقن

نامەوێ بچمە بنج و بناوانی ئەو کێشانەی بەهۆی " پەرت بوونی " ڕیزەکانی مارکسیە لینینیەکانی عێراق لە سەرەتای چلەکانەوە تووشی گەلی عێراق بوون ، هەرچەندە پێویستە دەست بۆ هەندێ هۆی ( پەرت بوونەکان ) و ئەنجامە تاڵەکانی ڕاکێشین. تاوەکوو مارکسی ماموستا فێری کردوین : کە واقعێکت ناسی دەتوانی چارەسی بکەیت •••
لەم ڕوانگەیەوە پێویستە چارەسەری کێشەکانمان هەڵسەنگێنین و هەنگاوی بۆ بنێین •

بۆ نەگبەتی و نەهامەتی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی ، ڕۆژگار فرسەتی نەدا ، بە ماموستا و بنیاتنەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن کە ڕێچکەی پاشە ڕۆژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بکێشێ و ئەو ماوە کەمەی تەمەنی پاش شۆڕش لە پاکتاوکردنی ( بزووتنەوەی پێچەوانە ـ الحركة المضادة ) و بەرەنگبار بوونەوەی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بۆرژواکانی سۆڤیەت و ناتەبایی نێو ڕیزەکانی حیزب و هێڵی بیرکردنەوەی گشتی بزوو تنەوەی کۆمۆنیستیدا سەرف کرد ، بزووتنەوەی پێچەوانە و پا شماوەی دەرەبەگایەتی و بۆرژواکانی سەردەمی قەیسەر هەر

خۆیا ن نەبوون کە بەگژ شۆڕشدا دەچوونەوە ، هەموو هێزە چەپەڵەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی ـ ئەو سەردەمە بە سەرکردایەتی ئینگلیزەکان ـ لە بەرەنگاریەکی ناپیرۆز و ناڕەوادا کۆبوونەوە بۆ گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی بەرەو پێش چووی مێژوو ...
ئەم کارە ئەگەرچی پاشڕەگ داکوتانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وێنەیەکی دیکەی دەرەکی ( خارجی ) بە خۆیەوە گرت ، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی ( هیتلەر ) بێتە سەر حوکمی ئەڵمانیا کە بە پێی حساباتی ئەو سەردەمە و گەشە و نەشونمای جولانەوەی کرێکاران تێیدا دووەم وولاتێکی لەبەر چاو گیرا و بوو بۆ شۆڕشی کرێکاران لە لایەکی دیکەشەوە ناتەبایی و لێك نەچوونی سەرکردەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە پاشماوەی ئەو ناتەبایی و بارە نالەبارە و سەختە ئایدیۆلۆژی و مل ملانێیەی پێش شۆڕشەکە هەرمابووە تا دەهات تەشەنەی دەکرد ، هەرچەندە ( لینین ) ی مەزن هەوڵی زۆری دەدا کە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازە مارکسیەکان لە قەوارەی حیزبدا تەفاعول لەگەڵ یەکتردا بکەن و بە پێی ( دیموکراتی مەرکەزی ) ئەو مل ملانێیانە لەسەر دەستووری ( دیالێکتیك ) ی نەمر گوڕبدەن بە حیزب ! و پاشماوەی ئەو مل ملانێ فیکریەی نێوان ( مارکسیە ) لادەر و کلاسیکیەکانی وەکو کاوتسکی و ترۆتسکی و دەستەی ( مبدع ) و بلیمەتی (لینین ) یش کارێکی سلبی گەورەی کردبووە سەر شۆڕش و تێکڕای مەسیرەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ...
کە ( لینین ) مرد شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەبەر دەم دوو ڕێگادا بوو،

دریژەدان بە شۆڕش و ناردنە دەرەوەی شۆڕش و تەقینەوەی - شۆڕش لە هەموو کوون و قوژبنێکی دنیادا و ڕمانی دنیا بەسەر سەرمایەداران و ، ئیمپریالیزمدا بێ.گوێدانە هیچ اعتبار و حسابێك ••• یان لە ئامێزگرتن و پاراستنی تاقیکردنەوەی دەسەلاتی کریکاران لە ( یەکیتێ سۆڤیەت ) دا بە هەر نرخ و بەهایەك بێت و قوربانیدان بە باری لە باری جولانەوەی کرێکارانی ولاتانی دیکە و خستنە خزمەتی ئەم تاقیکردنەوەیە تا دەکەوێتە سەرپێ و خۆی دەگرێت •••

ڕاستیەکەی ئەم تیۆرەی شۆڕش لە سەردەمی ( لینین ) یشدا هەر ماکی هەبووە و ( ترۆتسکی ) نوێنەری بیرکردنەوەی یەکەم بووە و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ( شۆڕشی بەردەوام - الثورة الدائمة ) دا ئەمەی بە ووردی شیکردۆتەوە ( ستالین ) ودەستەی نێو وولاتی بەلشەفیەکان " کە لە سەردەمی قەیسەردا لە وولاتدا بوون و ڕاستە و خۆ بەرەنگاری قەیسەر بوونەتەوە " ، دەم ڕاستی بیرکردنەوەی دووەم بوون •••

( لینین ) ی مەزن وەکوو مامۆستایەکی هەلکەوتووی بیری کۆمۆنیستی بە بیری تیژ و دووربینەوە ، زۆر جار خۆی لەم بوارە داوە و باری ئایدیۆلۆژی و هەتا نەفسی هەر دوو ڕێبازەکەشی بردۆتە سەر چاوەکانی خۆی ، بەوەی کە خەتی یەکەم خەونێکی خۆشی هەلنەستاوی سەر واقعەوە و بازدانە بەسەر واقعدا ، لە ئاستی بۆچوونە ڕاستەکانی ( لینین ) دا ( ترۆتسکی )و کۆمدلەکەی هەر تەسلیم بوون بە واقع و ڕای دروستی ( لینین )

یان سەلماند و تا ڕادەیەکی زۆریش ـ بەتایبەتی ـ ترۆتسکی توانی دەورێکی گرنگ ببینێ لە شۆڕشدا ••• هەروەهاش خۆگیر کردن بەسەر تاقیکردنەوەی ( یەکێتی سۆڤیەت ) و پشتگوێ خستنی ئەرکەکانی شۆڕش لە هەڵتەکاندنی ڕژێمی سەرمایەداری و بەدیهێنانی کەرەسەی یارمەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کرێکاران لە وولاتانی دیکەدا و ( قاوغ بەستنی ـ التقوقع ) ی شۆڕش لە سنووری ( یەکێتی سۆڤیەت ) یشدا بە نەفەسێکی نەتەوەییانەی بۆرژوا بیر و وولاتپەرستی دەدایە قەڵەم ••• لینین دەیزانی کە هەر دوو ڕێبازەکە و بەو زەقیە هەڵگەڕانەوەیە لە سەرەتاکانی فەلسەفەی مارکسی و شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی ناوکۆیی کرێکارانی جیهانە ••• و هەر دوو ڕێبازەکەش هەندێ خەتیان بە دەستە ، بۆیە وەکوو هەر بیر و هەڵکەوت و بزووتنەوەیەکی دیکە دەبوایە بچوونایەتە ژێر باری یاسای ( دیالێکتیك ) ی وە تا سەرئەنجامی تەفاعولی و تێکەڵ بوونی هەر دوو ڕێبازەکە بیر و ڕێبازێکی واقعی و زانستیانەی وابوایە کە لەگەڵ ئوصولی فەلسەفەی ( مارکسیی ) دا بگونجێ ••• پاشان کە ( لینین ) مرد لە باتی ئەوەی ئەم کێشەیە بە ڕێگایەکی دیموکراسیانە لە نێو حیزبدا چارەسەر بکرێت ، ڕابەرانی هەر دوو ڕێبازەکە پەنایان بردە بەر پیلان و پاکتاوکردن ••• و لە کۆتاییدا پاش ڕاکێشانی ( زینوفیف ) و ( کامینیف ) بۆ ڕیزی ( ستالین ) ، ستالین توانی ( ترۆتسکی ) سەرکوتکات و پاشانیش گیانیشی لێ بستێنێ و خەتی دووەم بەتەواوی و زۆر بە زەقتر لە بزووتنەوەی

کۆمۆنیستیدا بچەسپێنرێ و هەر ئەم کردەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرانسەری دنیادا تووشی پاشە کشەیەك بێت تا جەنگی جیهانی دووەم بارەکەی هەندێ ڕاست کردەوە و ( یەکێتی سۆڤیەت ) توانی بەرەی وولاتانی سۆشیالیست فراوان تر بکات ... و سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی گەلی ( چین ) یش گوڕێکی دی بوو بۆ ڕاستکردنەوەی تاك ڕەوی و ( قاوغ بەستی ) یەکێتی سۆڤیەت ! ، بەلاّم ئەم گیانی نیشتمانی و سنووورداری وولاتیە هەروا بە ئاسان نەتوانرا لە ڕەگ دەربهێنرێ و یاخی بوونی ( تیتۆ ) لە بەرەی وولاتە سۆشیالیستیەکان و پاشان دابڕانی ( چین ) و هەتا دوژمنایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەتیش و سەرهەلّدانی چەند ڕێچکە و ڕێبازێکی جیا جیا و دژ بە یەکتری لە بزووتنەوەی کرێکاران و بیری مارکسیدا بە تەواوی زەبرێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەکە دراو ئاهێکی گەورەش بوو بە بەر ئیمپریالیزم و سەرمایەداریدا هاتەوە ... وە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کێشانەی ئیمڕۆی نێوان وولاتە سۆشیالیست و حیزبە کۆمۆ نیستی و ڕێکخراوە مارکسیەکانی جیهانیش هەر لەسەر بناغە و ڕەگی ئەو ناکۆکیە هەلّچووە .

کاتی خۆیشی کە ( خرۆشۆف ) کەوتە گیانی ( ستالین ) و ( ستالینیزم ) وەکوو ڕەفتارێکی توندڕەوی بە زەبر و زەنگ ڕەت کرایەوە کە ئەم لایەنەی هەندێجار دەبێ جێی سەلماندن و ڕێزلێنان بێت ، بەلاّم بناغەی فەلسەفی و بیرکردنەوەی ئەو ڕەفتار و کردارانە هەر وەکوو خۆی مانەوە و هەندێجار زۆر لەوەشخراپتر تێیان پەڕاندە

دەتوانین بڵێین کە ( خرۆشۆفینیزم ) ئەوپەڕی تەجسید کردنی ئەو لادانەیە لە بزووتنەوەی مارکسیزمی لینینزمدا ... بەستنی ( شهرالعسل ) ی پەیوەندی و پێکەوە ژیان لەگەڵ سەرمایەداری و ئیمپریالیزمدا بەتایبەتی ـ ئەمەریکا ـ و سەلماندنی هەڵویستی نادروستی ( تیتۆ ) و دابڕان لە ( چین ) و ( ئەلبانیا ) و ڕاڕایی لە شۆڕشی ( کوبا ) و دۆستایەتی توند و بێ سنوور لەگەڵ ( سۆکارنۆ و قاسم و ناصر ) دا سەرەتای سەردەمێکی لادان و چەوتاندنەوەی بزووتنەوەی کرێکاران و جوڵانەوەی مارکسیزم بووە ... بەتایبەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاراندا لەم ناوچەیەدا تاڕادەی فەرماندان بە ( پارتی کۆمۆنیستی میسر ) ی بۆ خۆ هەڵوەشاندنەوە و چوونە ناو ( یەکێتی سۆشیالیستی عەرەب ـ الاتحاد الاشتراکی العربی ) یە تەتەوەییە بۆرژواز ڕەفتارەکەی ناصر و گرنگی دان بە ( قاسم ) تاڕادەی پەل بەستنی ( پارتی کۆمۆنیستی عێراق ) بۆ دەسەلات نەگرتنە دەست و هەمان دەست بە نیسبەت ( سۆکارنۆ ) و ( پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووس ) و بەستنەوەی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و چالاکیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەموو ناوچەکە بە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت کارێکی هێندە ناڕەوا بوو ، کە دەیان فرسەتی لە دەست چینی کرێکاران دا کە بە ئاسانی ئەو بارە هاتبۆ پێش کە ئاسیا سەرتاپا بە قارەیەکی کۆمۆنیستی بناسرێ و هەموو بنکەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی و بناغەی لاواز و گەندەڵی دەرەبەگایەتی و میللی و بۆرژوازی لە ناوچەکەدا هەڵتەکێ ... هەرچەندە

ئەوە نەزانم کە پێویستی تاساندنی ئیمپریالیزم و پاکتاوکرد
نی هەموو بنخانە فیکری و ماددیەکانی پێویستی بە سیاسەتی
خۆ لە شەڕ لادان هەیە ، چونکە ( ئاشتی جیهانی ) و ( چارە
نووسی مرۆڤ ) لە جیهاندا لەبەردەم مەترسی دەسەڵاتی نەوەوی و
چەکی وێرانکەری ئیمپریالیزمدایە ... بەڵام یەك خستنی خەباتی
کرێکاران و چەوساوانی جیهانیش و دوا خستنی کڵپەسەندنی
شۆڕشی سۆشیالیستی لە جیهاندا ئەو مەترسیە پتر دەکات ،
لێی کەم ناکاتەوە ... ئەم لایەنە چەندە ئۆبالی لە ئەستۆی
سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت و میللی پەرستی چین و یاخی بوونی
یوگۆسلافیا و هەموو لادانێکی نا ئومەمیانەیە ، ئەوەندەش زیاتر
لە ئەستۆی ڕابەری چینی کرێکاران و پارتە کۆمۆنیستەکاندایە ،
مارکسیزمی لینینزم فێری ناوکۆیی و یەکێتی بە ڕابەریی و برا
یەتی کرێکارانەمان دەکات ، نەك تەبەعیەت و دوو کەوتن .....
ڕاستی و دروستی گرنگی هیچ جولانەوەیەکی مارکسی بە مقداری
هێز و ژمارە و مەوقعی ناپێوری و هەموو تێکەڵاو کردنێکی ئەم
جۆرە حسابانە لە پەیوەندی چارەنووسی و پێویستی هەموو
کرێکارانی جیهاندا سەرەتایەکی بۆرژوازانەی ، میللی پەرستیە
کە گەورەترین دوژمنی مارکسیزمن ...
ئەم باسەش هەر بەوەندە کۆتایی یی نایەت و دەیان هۆ و ....
( مسببات ) ی دیکەیان هەیە ، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێك
لە کێشەی بزووتنەوەی مارکسیزمی لینینزم لە عێراقدا کە
بەشێکە لە بزووتنەوەی مارکسیزمی جیهانی پێویست بوو ، بۆ

ئەوەی مارکسیە لینینیەکانی عێراقی بە سەرنجی زانستی و واقعی و لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی مارکسیزمدا بتوانن تەعامول لەگەڵ واقعدا بکەن و ئەو پەرت پەرت بوونەی نێو جولانەوەی مارکسی لینینی عێراقی فرسەتێکی گەورە دەدات بە دوژمنانی کد لە درێژی بە چەوساندنەوەی کرێکاران و جووتیاران بدەن و ڕۆژی دەسەلاتگرتنە دەستی چینی کرێکاران و ڕامالینی چەوساندنەوەی چینایەتی بۆ هەتا هەتا دوا بخەن ...

لێرەدا پێویستە بووترێ :

١ـ هەموو پەنا بردنە بەر کۆمەڵ و دروستکردن و ( تکتل ) اتی بچووك بچووك و بلاو بلاوی مارکسی ، نەك هەر کێشەکانی چارەسەر ناکەن ، بەڵکوو زیاتر قوڵیان دەکەنەوە و بزووتنەوەی کرێکاران لاواز دەکەن و خزمەتێکی غەیرە موباشری گەورەی چینە چەوسێنەرەکانیش دەکەن ...

٢ـ دوژمنایەتی کردنی ( یەکێتی سۆڤیەت ) و دواکەوتنی ناو ناتۆرەی ناڕەوای وەکوو ( لادەر ) و ( ئیمپریالیزمی سۆشیالیستی ) و بەند و باوی دیکەی دەوڵەتە ئیمپریالیزم و ناحەز و ( سۆسیال نێشن ـ ئیشتراکیە نیشتمانیەکان ) ، تێکەلاوکردنی وەکوو ( چین و ئەلبانیا و یۆگۆسلافیا ) ید بە بزووتنەوەی مارکسی لینینی عێراقی ، کە ئەمەش دووبارە بزووتنەوەی کرێکارانی عێراقی لاواز دەکات و خزمەتی دوژمنانی بەرەی سۆشیالیست دەکات ؟

ئێمەی مارکسی لینینی عێراقی ، لەباتی ئەوەی قسەی ئەم و ئەو بکەینەوە ، بۆ دەورێك نەبینین لە نێزیك کردنەوەی ئەو سەرنج

ڕێبازە مارکسیە دژ بە یەکانە ، کە بەلای منەوە تەنها گیانی ( نەتەوەیی ) و نەفەسی ( خوردە بۆرژوا ) دروستی کردوون ؟

٣ـ کەرتکردنی بزووتنەوەی مارکسی لینینی بە ناوی ( عێراق ) و ( کوردستانی ) بەند و باوێکی نەتەوەییانەی نائومەمیە ، بە بیانووی تایبەتی زروفی کورد و عەرەب و بەند و باوی یاسای تایبەتی ... هەر وەکوو کرێکاری کورد و عەرەب هاوچارەنووس نەبن ... و عێراق وولاتیکی تایبەتی نەبێت و یەك یاسا و ڕژێمی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی نەبێت و هەموو گەلی عێراق بەرەنگاری یەك کێشەی سەرەکی ( دەسەلاتی خوردە بۆرژوا ) و ( فاشیزم ) نەبوو بێت ؟ مەگەر ڕوودا و هەلوێست بە پێی یاسا گشتیەکان ڕەفتار ناکەن ... و مارکسیزمی لینینزم دەستوور و یاسای بزووتنەوە و شۆڕش و مێژوو نەبێت ؟ .

کرێکاریکی کورد یان تورکمان ئەگەرچی سەرباری چەوساندنەوەی چینایەتیەکە ( کە بنەڕەتی هەموو چەوساندنەوە یەکە ) چەوساندنەوە و جیاوازی نەتەوایەتیش دەچێژی ...

بەلام ئایا کرێکاری عەرەب ئەمە دەکات ؟ یان بۆ بەرژەوەندی کرێکاری عەرەب دەکرێت ؟ کرێکاری عەرەب با لەڕووی نەتەوایەتیەوە بە ئاشکرا نەچەوسێتەوە ، بەلام بە هۆی ڕەگەزپەرستی و عەرەبایەتی و نەتەوایەتیەوە دەچەوسێتەوە ... هەزار ملیۆن دینارێ کرێکاری عێراق ، بە عەرەب و کوردەوە ، نیە کە بۆ بای فیزی نەتەوایەتی عەرەب خەرج دەکرێت ... و ( وحدە حریە اشتراکیە ) ی عەرەب و ساز و ئاوازی نەتەوایەتی نیە بەر بە

جولانەوەی کرێکاری عەرەبیش گرتوە ؟ ! کە چەوساندنەوەی چینایەتی نەما و بۆرژوا پاکتاو کراو چینی کرێکاران دەسەڵاتیان گرتە دەست شتێ دەمێنێ پێی بووترێ ( نەتەوایەتی ) تالە زۆر باڵیا کورد بچەوسێتەوە ؟ ! دابڕینی بزووتنەوەی مارکسیزمی لینینزم لە نێو گەلی کورددا کە بەشێکە لە بزووتنەوەی مارکسی لینینی عێراقی پیلانێکی گەورەیە بۆ لاواز کردن و ئیفلیج کردنی بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق ، چونکە لە لایەکەوە ئەو هێزانە پەرت پەرت دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە بەرەنگاری یەکدیان دەکا •

دوو پارت یان ڕێکخراو یان بزووتنەوەی مارکسی لە وولاتێکدا بە حەتمی یەکیان چەوتە ... و بێ گومان هەر کامیان لەسەر بناغەیەکی ( نەتەوەیی ) یان ( بەرژەوەندی ) یان ( تەفسیراتی نا ئومەمی ) هەڵسابێت ئەوەیان چەوتە ...

٤ـ پەنا بردنە بەر خۆ جیاکردنەوە و ڕێکخراو دروست کردن و ( انشقاقات ) لە بزووتنەوەی کرێکاراندا نەك هەر ڕێگایەکی لینین نیە و بەس بەڵکوو لادانی ئاشکرایە لە بنەڕەتەکانی حیزبایەتی مارکسی لینینی ...

تەنها لە نێو حیزبدا و بە ڕێگای مەشروعی حیزبی.و لەسەر پێڕەو کردنی ئەساسەکانی لینینیەت دەبێ هەموو کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری و چالاکی بە لادا بخرێت ...

من وەکوو ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و مارکسیەکی لینینی زۆر جار ڕام لەگەڵ زۆر هەڵوێستی حیزبدا ناگونجێ و زۆر بە توندی و زەقیش ئەو لێك نەچوونانە دەخەمە ڕوو ، بەلام

هەمیشەش ئەوە ڕەفتار پێ دەکەم و دەیڵێمەوە کە هەموو صراعێك دەبێ لەناو ڕیزەکانی حیزبدا و بەڕێ و شوێنی لینینیەت چارە سەر بکرێت و لە حیزبدا تەفاعول بکات ، لە ڕیزەکانی حیزب چووە دەرێ و ڕێی ناڕەوای لادان و انشقاق و جیابوونەوەی گرت ، لادانە لە خەتی ڕاستی مارکسیزمی لینینزم ... بۆ نموونە :

من لە سەرەتای پەیوەندی و هاوکاری حیزبدا لەگەڵ ( بەعس ) دوو مەترسیم خستە ڕوو ،

یەکەمیان : دابڕانی مارکسیە لینینی و پێشکەوتنخوازەکانی کوردە لە حیزب و دروستبوونی کۆمەڵەی مارکسی نەتەوەیی ... و

دووەمیان : بەهێزکردنی بۆرژوازی عەرەب ( کە پاشان بە بۆرژوازی ڕەگەز پەرستیش دەرچوو ) .

من لەو ڕایەدا بووم کە شۆڕشی کورد لەگەڵ ڕاستڕەوی و خێڵایەتی و هەموو ممارەسەیەکی دواکەوتوانەی سەرکردەکانیدا زۆر لە بەعس پێشکەوتووترن و داواکەشیان بە پێی زانستی مارکسی لینینی پێشکەوتووتر و گونجاوترە لەگەڵ مێژوودا ... و بەردەوامی صراعی شۆڕش و نوێنەرانی بۆرژوازی عەرەبی ...مانای مل ملانێی بیری بۆرژوازانەی نەتەوایەتی کورد و عەرەبە و درێژەپێدانی لاوازکردنی هەر دوو بیرەکە دەبێت و بەهێز بوونی بەرەی مارکسی لینینی عێراق دەبێت ... هەرچەندە هەندێ جار بە توندیش ڕەت دەدرامەوە لە لایەن حیزبەوە ، بەڵام ئەو مافەیان لێ نەسەندبوومەوە کە بە صەراحەت ڕای خۆم بڵێم ، چونکە دەرم خستبوو کە ڕۆڵەی ئەو حیزبەم و قوتابیەکی بچووکی قوتابخانەی

( لینین ) م ، تا سەرکردایەتی حیزب ( کە بێ گومان باروودۆخی جوڵانەوە و باری گشتی عێراق و جیهان لە من چاتر دەزانن ) ، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە چیدی ناتوانرێ لەگەڵ بەعسدا هاو کاری بکرێت و هەتا حاڵ گەیشتۆتە دەستدانە چەك لێی و ئەوەتای حیزبیشمان کەوتۆتە بەرهەڵستی و دوژمنایەتی بەعس ، بەعس خەریکە رۆژ بە رۆژ مەوقعەکانی دەدۆڕێنی و بەرەو نەمانی حەتمی هەنگاو هەڵدێنێ ... و هەر ئەم نەفەسە درێژییەی مارکسیزمی لینینزمیشە کە رێم بە خۆم داوە لەسەر داواکاری برایەك ( کە هەرچەندە جیاوازی زۆری بیروباوەریشم هەیە لەگەڵیدا ) کە ئەم چەند دێرە لە بڵاوکراوەی ( ڕوانگەی ئازاد ) دا بڵاوبکەمەوە کە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بۆ طەرح کردنی بیروباوەڕە پێشکەوتوەکانی ناو کۆمەڵ و دڵنیاشم کە ئەم ڕێچکەیە خزمەتی تێگەیشتنی ڕاستی و زیاتر خۆ تەسلیم کردن بە بیروباوەڕی مارکسیزمی لینینزم و بیری پێشکەوتوە حەلیفەکانی مارکسیزم دەدات ئەمەش هیچ لە مل ملانێی فیکری مارکسیزم و هەموو بیرەکانی دیکە کەم ناکاتەوە ... بەڵکوو ڕێچکەیەکی سروشتیان پێ دەبەستێ ،

دوا قسەم ئەوەیە من بەم جۆرە لە مارکسیزمی لینینزم گەیشتووم و حیزبەکەشم ڕێم دەدات ئازادانە بیر بکەمەوە و ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە دژی ئەو لادەر و وردە بۆرژوا و نیمچە مارکسیانەی کە دژی پابەندی و بەستنەوەی ئێمە ( زۆر جار دەگاتە قسەی ناڕەوای وەکوو جاشی سۆڤیەت ) بە سیاسەتی خارجی کەسەوە ... بەڵام هەرگیزیش ئەرکی ئومەمی و

هاوبەشی خۆشمان لە بیر ناچێتەوە لەگەڵ جولانەوەی کرێکارانی جیهانی و بەرەی سۆشیالیست بەگشتی و یەکێتی سۆڤیەتی ڕابەریشی بەتایبەتی .

یەکگرتوو بێت مارکسیزمە لینینزمەکانی عێراق

سەرکەوتن هەر بۆ چینی کرێکارانە

— پۆلا —

# بانگەوازێك

× ئەی ئەو پێنووسانەی وەكوو كورد بێ پەساپۆرتن ، وولاتی ڕوانگەی ئازاد پەساپۆرت و ڤیزەی ناوێت •
× ئەی ئەو ڕازانەی گەر بدركێن ، وەكوو حەلاج پەل پەل دەكرێن ، لەسەر سەكۆی ڕوانگەی ئازاد خەنجەر نیە •
× ئەی ئەو ڕەنگانەی گەر ڕۆما پێتان بزانێ وەكومەسیح بزماركوت دەكرێن ، لە ساباتی ڕوانگەی ئازاد دا یاساوڵ نیە •
× ئەی ئەو سەرانەی گەر وەكوو كورد بڵند بن دەپەڕێندرێن ، سەری پەڕیوی ڕوو لە ئاسۆ مەزنترە زیندووترە لە كەللەی بۆشی ملكەچی ، لە هەرێمی ڕوانگەی ئازاد دا هەر سەری بڵند هەیە •
× ئەی گیرۆدانی دەستی هەزار زوحاك ، ڕوانگەی ئازاد كاوەیە و لاپەڕەكانی نەورۆزن ، هەموو خونچەیەكی تیا دەم دەكاتەوە •

لە پەنایەكەوە دەنگت ، ڕەنگت ، ڕازت ، خامەت بگەیەنە ( ڕوانگەی ئازاد ) ، هەرچیش هەیت با ببیت ، لە ئامێزیا كانیاوی بیر و ڕاو ڕقت بتەقێنەوە •

( خۆش ئامادەیی لە هەموو میوانێك دەكەین )

( ڕوانگەی ئازاد )

ناونیشانی پەیوەندی :

S O K S E

Postbus 272I3
I002 AE Amsterdam
Holland.

- ژمارە سێ -

(( ڕوانگەی ئازاد ))

- چاپی دووەم -

( ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لە ئەورووپا )

(( سۆکسە ))

- لکی هۆڵەندە -

- چاپ و بڵاوی کردۆتەوە -

---

SOCIALIST ORGANISATION OF THE
KURDISH STUDENTS IN EUROPE (SOKSE )

بەفرانبار / ٢٥٩٤ / کوردی

دیسەمبەر / ١٩٨٢ / فەرەنگی